ژمارە ٧
تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

چیرۆکە هەواڵ

# ژیان لە گەرووی مەرگدا

هەرەس عەبدوڵڵا

لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا کچێکی دۆستم ئاگاداری کردمەوە کە چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی چەند دەیەك لەمەوبەر کە لەیەکێك گوندەکانی باڵەکایەتی ڕوویداوەو و ویستی بۆم بگێڕێتەوەو لەچەند دەقیقەیەکی پەیوەندیکردنەکەداو منیش پێم ووت: ئەو بەسەرهاتەی تۆ باسی دەکەی لەم چەند ساتە تەواو نابێتو دەمەوێت بۆم بنوسیتەوە یاخود لەرۆژێکدا چاوپێکەوتنێکی رۆژناموسی لەگەڵت ئەنجامبدەمو تەواوی بەسەرهاتە کۆمەڵاتیەکەم بۆ باس بکەیو ئەویش لەوەڵامدا وتی: باشە، دوای چەند رۆژێك هاورێکەم زەنگی مۆبایلەکەمی لێداو وتی:"تەواوی چیرۆکە کۆمەڵایەتیەکەم لە نامەیەکدا بۆ نوسیوویو ئێوارەی ئەمرۆ بەدەستت دەگات." پاش گەیشتنی نامەکە کەوەك گەیشتنی گۆدۆ وابوو بۆمو چونکە لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکەدا هاورێکەم ئاماژەی زۆر کورتی بە چیرۆکە ڕاستەقینەکەدا زۆر تامەزرۆی بیستنی تەواوی چیرۆکەکە بووم، کاتێ نامەکەم بۆ نووسین والاکردو لەسەرەتای نامەکەدا نووسرابوو خۆشەویستی کچێك کورێکی بالابەرز شێت دەکات.

هاورێکەم بەم شێوەیە باسی بەسەرهاتی دوو کورو کچی گوندێك دەکات کە زۆر یەکتریان خۆش ویستووەو نووسیویەتی:" خدر گەنجێکی بالابەرزی زەردو سپی تا ڕادەیەك قەڵەو بوو، لەیەکێ لە گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی دەژیا، تەنیا خوشکێکی هەبوو، کاری رۆژانەی هەر وەکو خەڵکی ناوچەکە خەریکی بەخێوکردنی مەروماڵاتو کاری کشتوکاڵی بوو، رۆژێکیان لەناو گوندەکەیان لەناکاو دەکەوێتە داوی خۆشەویستیو ئەڤینی کچێکی زۆر سەرنجڕاکێشەوە بەناوی(خانك) بەتێپەڕبوونی رۆژەکان، ئەو خۆشەویستەی نێوانیان هەر پتەوتر دەبێت، بەڵام ئەم خۆشەویستیە زۆری نەخایاندو خزمانی کچەکە بەمەیانزانیو چەند جارێك لەرێگا لە خدر ئەدەن، بەڵام لەلای ئەم کورە جیابوونەوە زۆر زەحمەتە لە (خانك)ی خۆشەویستیو هەر بە خەیاڵیدا ناچێ، پاش ئەم هەموو ئازارو نارەحەتیەی ڕووبەڕوویان دەبۆوە خۆشەویستیی ئەم دوو دڵدارە بەهێزتر بەناو ناخو ئەوینی یەکتردا ڕۆدەچوون، تا دواجار شەوێك خدر دەچێت بۆ ژوانی (خانك)ی ئەڤینداری لەناکاو یەکێ لەبرایەکانی (خانك) دەزانێو زۆر بێ ڕەحمانە دەکەوێتە لێدانی خدر."پاش ئەم ڕووداوە ماڵی خانك هەڵدەست بەشوودانی کچەکەیانو دوای ئەوەی کوڕە دەزانێ خانکیان داوە بەکورێکی تر یەکسەر شێت دەبێتو وێڵدەبێ بەگوندو چیکانی ناوچەکەو لەدرێژەی نامەکەدا نووسراوە:"ماڵی خانك پاش چەند رۆژێك دەزانن ئەو بەربەستانەی دروستدەکەن لەنێوان کچی خۆیانو خدر بێسوودە، بۆیە ڕاستەوخۆ هەڵدەستن خدر بەشوودانی(خانك) دوای ئەوەی خدر بەم هەواڵە دەزانێت لە داخی خۆشەویستی (خانك) شێت دەبێت، تا وای لێدێت شەو و رۆژ بە کوچەو کۆڵانەکانی گوندا ئەسوڕایەوەو بێ ئەوەی بزانێ شەو و رۆژ چۆن بەدوای یەکدا تێدەپەڕن، رۆژ بەدوای رۆژ باری دەرونی (خدر) خراپتر دەبێتو سات بۆ ساتێکی تر وای هەست دەکرد دیمەنی ئەم کچە بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، تەنات لەشوینی بەرز خۆی فرێدەدەدا، جارجاریش وای هەست دەکرد ئەگەر چرایەك لەبەردەستی بوایە وێنەی ئەوی تیا ئەدیو چراکەی دەکوژاندەوەو تێر دەگریا، یان ئەگەر ئاگرێك هەبوویایە دیسان بەناو ئاگرەکە تێدەپەڕی، گرنگ نەبوو خۆیو جلو بەرگی دەسووتێ " هاورێکەم نووسویەتی پاش ئەوەی خەڵکی گوندەکە دەزانن خدر باری دەروونی زۆر شڵەژاوە، بیری چارەسەرێك دەکەن کە لەم نەهامەتیەی دەرباز بکەنو ئەویش لەرێگای هێنانی ژنێك بۆیو لە ناوەڕاستی نامەکەدا هاتووە:" هەم خەڵکی گوندەکەو هەم خزمانی خدر بەشێتبوونی ئەم کەسە زۆر نارەحەتو دڵتەنگ بوون، هەوڵیاندا چارەیەکی بۆی بدۆزنەوەو هەستان بەهێنانی کچێکی زۆر جوان لەخزمێکی خۆیانو ناوی(گوڵ)بوو، بۆیان هەڵبژارد هەتا زۆر جوانتربوو لە خۆشەویستەکەی تری، خدریش ئەمیش ناوی (گوڵ)بوو. بۆ خدر هەر چۆنێك بێت مارەییان کردو لێ پاش چەند هەفتەیەك گوڵیان بۆ کرد بەبووك، لەم کاتەدا خدر هەر هاواری دەکرد من ئەم گوڵەم



نیگایەك دەبێ چەندە قووڵ بێت تا جێی دنیایەك خەمی تێدا ببێتەوە؟

ناوێ تەنیا گوڵی خۆم دەوێت کە مەبەستی(خانك)ی خۆشەویستی بوو، هەرچۆنێك بێت بوکیان بۆ بەجێهێشت دوای نانخواردنی ئێوارەو پاش کەمێك قسەکردن، خدر داوا لە بووکە بەستەزمانەکە دەکات کە ماڵەکەی جێ بێڵێ‌و بەتەنیا بژی‌و بووکە لەماڵ دەردەکات. شەو کچە ئەگەڕێتەوە ماڵی باوکی‌و چەندین جار بەم شێوەیە دەبێ، تا دواجار چەند مانگێك بێ دەنگ ئەبێ‌و ژنە سك پڕدەبێ‌و خدریش لەکاتی سك پڕیەکەی زۆر جار لێی دەدات‌و هەر چەندە زۆر بێزار دەبێت، بەڵام لەبەرخاتری منداڵی ناو سکەکەی ماڵ بەجێ ناهێڵێ‌و زۆر جاریش گوڵ لەبەر خۆیەوە دەیوت: ئەگەر دایك‌و باوکیشم ئەم کارەیان لەگەڵ کردم‌و تووشی ئەم شێتەبووم، بەڵام زۆر دڵم بە کۆرپەلەی ناو سکم خۆش بووە و بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە، خواکا رۆژێك دێت دەنگی گریانی منداڵەکەم‌و دێت ئەوا رۆژانە خۆم بە ئەو خەریك دەکەم." جار جاریش گریان دای دەگرت‌و خەیاڵی بۆ ئەوە دەڕۆیی ئەگەر منداڵەکەی مرد یان لە باری چوو. ئەوا هەر دەیوت:"خوایە گیان بەهانامەوە وەرە." لەنامەکەدا هاوڕێکەم باسی ئەوەم بۆ دەکات کە (گوڵ) منداڵێکی دەبێ‌و دوای سێ مانگ بەژانە سك دەمرێت‌و نووسویەتی:"بەهەر حاڵ ترش‌و تاڵی ژیانی بەسەر برد تاکاتی ئەوە هات منداڵەکەی بوو، کە مناڵێکی جوان شێوەی لەدایك‌و باوکێکی تەواو دەچوو، بەڵام (گوڵ) هەر لەو رۆژەی مناڵەکەی دەبێ‌و ژانە سکێك دەگرێ بەری نادات‌و رۆژێك کورەکەی لەباوەش دەکات‌و دەڕوات بۆ ماڵی دراوسێیان پاش دانیشتن ماوەیەك ژانەکە زیاتر توند دەبێت خێرا ڕادەکات بۆ ماڵەوە لە جێگا دەکەوێت هەر ئەوەندەی پێدەمێنێ بەدایکی بڵێ: کوڕەکەم بۆ بێنە با تێر تێر ماچی بکەم، دایکە بەڵێنم پێبدە لەدوای مردنی من چاودێری بکەی‌و دایکە تخوا دڵم خۆش بکەو وەڵامم بدەرەوە، دایکی بەدەم گریانەوە پەیمانی پێدەداو دووبارە دەڵێ دایە کاتی ئەوە هاتووە ماڵئاوایی بکەم لە تۆو کۆرپەلەکەم‌و هەرچەندە ئاواتم ئەو رۆژە بوو لەگەڵ کوڕەکەم ژیان بەسەر ببەم تخوا دایکە دووبارە کوڕەکەم بەسەر سنگمەوەنێ‌و خەریکە ژانە سکەکەم دەمکوژێت، تا دەهات ئازاری زیاتر دەبوو پاش چەند دەقیقەیەك تر گیانی لەدەستدا." هاوڕێکەم لە کۆتایی نامەکەیدا باسی کۆرپەلەی ئەو ژنە دەکات کە تەمەنی سێ مانگ بووەو کە لەدوای مردنی خۆی بەجێهشتووەو دواتر دێرەکانی نامەکە بە تراژیدیایەك کۆتایی دێنێت کە زۆر جەرگبڕەو نووسیوویەتی:" مناڵەکە مایەوەو کە تەمەنی سێ مانگ دەبوو، بەڵام باوکی مناڵەکە(خدر) وەك باوکێك نەی دەزانی کوڕی هەیە یان نا، زۆر جار پێیان دەوت: ئەمە کورتە، دەیوت: هی کام گوڵە؟ ئیتر منداڵەکە لەلای نەنکی پەروەردە دەکرێت‌و کاتێ تەمەنی مناڵەکە دەگاتە هەشت مانگ، باوکی(خدر) لەبەرەبایەنێکدا دەچیتە سەر کانی گوندەکەیان بۆ نوێژی  بەیانی‌و کەس لەوێ نییە وەك هەموو کاتەکانی تر دیارە وێنەی (خانك)ی خۆشەویستەکەی لەناو ئاوەکە دەبینێت‌و هەر سەیری ئاوەکە دەکات‌و یەکسەر خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوەکەو لەئەنجامدا کەس پێ ڕاناگات دەربازی بکات لەمەرگ.